تۆماس ترانسترۆمێر= Tomas Tranströmer

وەرگێڕ لە سوێیەوە: ڕەحمانی سۆفی

پێنج هۆنراوە:

**گۆرانی بانان**

بەیانی، مانگی گوڵان،

هێشتا شار چەشنی کۆخێک

بە بێ چرکە و ئەهۆنە،

شەقامەکانیش ئارامن،

مرۆڤ بە گۆرانی لە خەو هەڵدەسێ

لە ئاسمانی سەوز و ئاوی دا

موتۆڕی فڕۆکەیەک گرمە گرمی یە تی،

پەنجێرەش ئاواڵەیە.

خەونی ئەو خەوتووە،

کە لەوێ درێژ بووە شەبەقی تێدەکەوی

خەوتو تەکان لە خۆ ئەدا و

کوێرانە بە پەلەکوتێ دەکەوێ

دوور لە فەزادا، بەبێ ویست

لە کەرەسەێک دەگەڕێ . . .

**تابلۆی کەش و هەوا**

دەریای خەزەڵوەر،

سارد و سڕ بریقە ئەداتەوە

لەگەڵ باڵی ماسی لە تراویلکەدا

هیچ نەماوە کە لە بیر بمێنێ

پێشبڕکێی پاپۆڕ ئاژووتن

سەرگێژەیکی سپی بە دواوەیە.

ڕۆژانی کارەبایی بە سەر گوندەوە

و هەموو دەنگێک بەئەسپایی کۆچ دەکەن

سەرە سەگێک لە هەوادا،

بە خەتی « هیرۆگلیف » نیگار کراوە

لەوێدا بە سەر باخی بەرماڵانەوە

میوەی زەرد فێڵ لەداردەکەن

و دەوێرن کە بەر بنەوە.

**نەهێنی بەڕێوە**

ڕووناکی ڕوخساری خەواڵویکی پێکا

خەوتو خەونەکەی هاروهاج تر بوو

کەچی وەخەبەر نەهات

تاریکی سەر وچاوی ڕێبوارێکی پێکا

لە نێوان کەسانی دیکەدا

لە بەر تیشکی بە تینی خۆرەتاو

لە ناکاو تاریکی وەک بارانی وێرانکەر

لە پرێکدا داهات

وێستاوم لە ژوورێکدا

لە هەموو چاوتروکانێکدا لە موزەخانەی  پەپولەدا

بەو لەونەش هەتاو بە هێزتر وەک جاران

قەڵم موگەلی بێ ئۆقرە

گەردوونیان نەخشاند.

**ڕێچکەی - ڕێل**

کاتژمێر دووی نیوە شەوە،

مانگەشەو دەتریفێتەوە

شەمەندەفەرێک

لە نێوە ڕاستی دەشتایدا وێستاوە.

لە دوور لە نێوەندی ڕووناکی شاردا،

لە چاوئەنگێودا

بروسکە بروسکێکی سارد بەدی دەکرێ

وەک کاتێک مرۆڤ چووبێتە خەوێکی قوڵەوە

ڕەنگە هەرگیز لە بیری نەمێنێ کە لەوێ بووە

ئەودەم دەگەڕێتەوە  نێو جێکەی خۆی

یان دەمێک کەسێک توشی نەخۆشیەکی قوڵ بووبێ

لە نێو دەستەیەکدا ڕۆژانی ژیانی وەک یەک بووە

تروسکەی خاڵێکی سارد لە ڕوانگەی دا دەمێنێتەوە

شەمەندەفەر بەبێ چرکە تەواو وێستاوە

دووی نیوە شەو،

مانگەشەوێکی بە تین

و چەن وردە ئەستێرە.

**خوایە بەزەییک**

ژیانم لە تاریکیدا،

جاربەجار چاوی هەڵهێناوە

شتێک وێنەی ئاپۆرەی خەڵک

کە لە شەقامەکانەوە تێپەڕن،

کوێرانە و دڵپەرۆش بەڕێوەیە،

بەرەو کارەساتێکی ناسروشتی،

هەمان دەم، نەدیار، هێز لێ بڕاو دەوێستم

منداڵێک کە بە ترسەوە خەودەیباتەوە

گوێڕایەڵی ترپەی قورسی هەنگاوی دڵیەتی

تا ئەو دەمەی دوور دوور

بەیانی تیشکی داوێتە قفڵی تاریکایی

و درگاکان دەکرێنەوە.